# ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو ئیمان دەهێنن، وئیمان ناهێنن هەتاوەکو یەکترتان خۆش دەوێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ناچنە بەهەشتەوە هەتاوەکو ئیمان دەهێنن، وئیمان ناهێنن هەتاوەکو یەکترتان خۆش دەوێت، ئایا شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن (بەهۆیەوە) یەکتریتان خۆش دەوێت؟ سەلام کردن لە نێوانتان بڵاو بکەنەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە تەنها ئیماندار دەچێتە بەهەشتەوە، وئیمان کامڵ نابێت وحاڵی کۆمەڵگا باش نابێت هەتاوەکو مسوڵمانان یەکتریان خۆشدەوێت. پاشان -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆ باشترین شت کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی ئەویش بریتیە لە سەلامکردنی مسوڵمانان لەیەکتر، کە خوای گەورە سەلام کردنی بۆ ڕێز گرتن داناوە لەنێو بەندەکانی.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee